# هونەری گێڕانەوە
# لە ڕۆمانی (خۆڵەمێشی تەرمی کتێبێک)دا

**پ. ی. د. نەجم خالد نەجمەددین ئەلوەنی**
بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر
najm.alwani7@gmail.com

**پوختەی توێژینەوەکە:**

ڕۆمانی (خۆڵەمێشی تەرمی کتێبێک) یەکەمین ئەزموونی ڕۆماننووسیی (حەمە سەعید زەنگنە)ی چیرۆکنووسە کە چاپی یەکەمی لە ساڵی (٢٠٢١) لە شاری کەرکووک بڵاوبووەتەوە. پاش خوێندنەوەی دەقەکە بیرۆکەی ئەوەمان لا دروست بوو کە توێژینەوەیەکی لەسەر بنووسین و وامان بەباش زانی هونەری گێڕانەوە بکەینە بابەتی توێژینەوەکە. لەم توێژینەوەیەدا بە چوار تەوەر باسی جیاوازیی نێوان نووسەر و کارەکتەری وێناکراو و بنیاتی هونەریی کارەکتەر و زمانی ئاخاوتنی ئەوان و هەروەها باسی بنیاتی وەسف و چەند بابەتێکی ترمان کردووە.

میتۆدی توێژینەوەکە: بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە پشتمان بە میتۆدی (ڕەخنەی هونەری) بەستووە، چونکە بە بڕوای ئێمە باشتر لەگەڵ بۆچوونەکانمان دەگونجێ و خودی دەقەکەش لەڕووی واتا و بنیاتی هونەرییەوە زیاتر بەم میتۆدە ڕوون دەبێتەوە. هەروەها بۆ ڕێکخستنی پەراوێز و سەرچاوەکان سوودمان لە سیستەمی هارفارد وەرگرتووە.

کێشەی توێژینەوەکە: ئەگەرچی ئەم دەستەواژەیە باوە، بەڵام ئێمە بە پرسیاری توێژینەوەی دادەنێین و بڕوامان بە وەیە هەر توێژینەوەیەك

پرسیارێکە و وەڵامی دەوێ و دەبێت تەواوی ئەو وەڵامە پەیوەندی بە ناوونیشان و هەموو تەوەرەکانی توێژینەوەکە و ئەنجامەکانییەوە هەبێت. پرسیاری ئەم توێژینەوەیەش لەوەدا پوخت دەبێتەوە کە ئایا ئەم ڕۆمانە تا چ ڕادەیەك لەڕووی هونەرییەوە سەرکەوتوو بووە، و ڕۆماننووس چی کردووە بۆ ئەوەی بنەما هونەرییەکانی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا بەرجەستە بکات. کۆی توێژینەوەکە و ئەنجامەکانی وەڵامن بۆ ئەو پرسیارە.

وشە سەرەکییەکان: (گێڕانەوە، کارەکتەر، دیالۆگ، دەقئاوێزان، وەسف).

## پێشەکی:

ڕۆمانی (خۆڵەمێشی تەرمی کتێبێک) باسی ژیانی واقیعی خەڵکی شاری کەرکووک دەکات و نووسەر دەیەوێ وێنەیەکی ئەمڕۆی شاری کەرکووک لە پاش ڕووخانی ڕژێمی بەعس و ساڵانی ئازادیی شار پیشانی خوێنەر بدات تا دەگاتە دوای ڕووداوەکانی (١٦)ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧، ئەگەرچی نووسەر لەناو دەقەکەدا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی ڕووداوەکانی ئەو ساڵانەی نەکردووە، بەڵام بە ئاماژەی ورد و بەشێوەیەکی هێمایی لە ڕێی ناوی شوێن و گفتوگۆی هەندێ لە کارەکتەرەکانەوە ئەمانە لای خوێنەر گەڵاڵە دەبن. لە لایەکی دییەوە نووسەر دەیەوێ بە باسکردنی ڕووداوەکانی شازدەی ئۆکتۆبەر و دووبارە داگیرکردنەوەی شاری کەرکووک لە لایەن حەشدی میللی و سوپای عێراقەوە جەخت لەسەر هەمان ئەو فاکتەرانە بکاتەوە کە لە کۆنەوە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیدا وەک ئەوەی نووسەرێکی تایوانی بەزمانی ئینگلیزی کتێبێکی لە ژێر ناوی (میللەتێکی پەنجا ملیۆنیی بێ دەوڵەت) ئاماژەی بەو فاکتەرانە داوە و بەڕێکەوت کارەکتەری گۆشەنیگای گێڕانەوە لە پەرتووکخانەیەکی شاری (تایبیە)ی پایتەختی تایواندا دەستی کەوتووە.

- بەگشتی ئەم ڕۆمانە دەقێکی ئیدیۆلۆگییە و لە ڕوانگەی سیاسی نووسەرەوە نووسراوە و ئەم باڵادەستییەی ڕوانگەی نووسەر زیانێکی گەورەی بە ڕۆمانەکە گەیاندووە و تا ڕادەیەکیش بووەتە هۆکاری لاوازیی دەقەکە لەڕووی هونەرییەوە.

- لەبەرئەوەی ڕۆمان لەسەر دوو بنەمای سەرەکی دادەمەزرێ وەک (لوسیان گۆڵدمان) لە پەرتووکی (بەرەو سۆسیۆلۆگیای ڕۆمان) دیاری کردوون، و ئەوانیش بنیاتی واتایی و بنیاتی هونەرییە، بۆیە ئێمەش لە هەمان ڕوانگەوە توێژینەوەمان بۆ بنیاتەکانی دەقی ئەم ڕۆمانەی (حەمە سەعید زەنگنە) کردووە و بە گوێرەی ئەوەش باسی بنیاتی کارەکتەر و بنیاتی زمان و بنیاتی وەسف و بنیاتی واتاییمان کردووە و بە تایبەتیش بۆ ئەم مەبەستەی دوایی پرۆسەی دەقئاوێزانمان کردووەتە بەشێکی توێژینەوەکەمان. ئەم توێژینەوەیە بە پیشاندانی گرنگترین ئەنجام و سەرچاوەکان کۆتایی هاتووە.

**تەوەری یەکەم:**

**کارەکتەری ڕۆمان لە نێوان بوونەوەرێکی ڕاستەقینە و بوونەوەرێکی وێناکراودا:**

- لەم ڕۆمانەدا، پێش هەموو شتێک ناوی کارەکتەرەکان سەرنجی ڕاکێشاین، چونکە زۆربەیان کەسانی ڕاستەقینەی شاری کەرکوکن و بەگشتی شاعیر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ و خاوەن پەرتووکخانەن وەک (شوان مەندی، فەیسەڵ هەمەوەندی، دانا عەسکەر، زایر شوکر، مامۆستا نزار، جەبار ئاسۆ، تاریق کارێزی) جگە لەناوهێنانی کۆمەڵێ لە نووسەران و شاعیران و چیرۆکنووسانی سلێمانی و هەولێر و دهۆک. ئەم دیاردەیە، خاڵێکی لاوازی ئەم ڕۆمانەیە، چونکە بەکارهێنانی کەسانی ڕاستەقینە ڕێگری لەوە کردووە

ڕۆماننووسەکە دەستی کراوە بێ لە وێناکردن و وێنەکێشانی ناکۆکیی نێوان ڕەفتار و کردار و بیرکردنەوەی ئەوان و ئەمەش دوور لە کاریگەریی سۆزە جیاوازەکان بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات، لە هەمان کاتدا ڕێگری لەوەش کردووە، نووسەر بەگوێرەی پەرەسەندنی ڕووداوەکان گۆڕان لە کەسایەتی و هەڵوێستی ئەواندا بکات، بۆیە لە سەرەتاوە تاکۆتایی ڕۆمانەکە وەک چەند پەیکەرێ دەمێننەوە بێ ئەوەی جیاوازییەکی هزریی گرنگ دۆستایەتییان بخاتە قەیرانێکی گەورە و سەرنجڕاکێشەوە. هەروەها هیچ بەریەککەوتنێک لە نێوان هزری ئەوان و خودی ڕۆماننووسدا دەرناکەوێ، ئەمەش یەکێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی ڕۆمانی مۆنۆلۆگی.

ئەوەی زۆر مایەی سەرنجمان بوو، خودی ڕۆماننووس بوو کە بەناو، و نازناوی خۆیەوە دوو ڕۆڵی لەم دەقەدا گێڕاوە:

١ـ ڕۆڵی کارەکتەر.

٢ـ ڕۆڵی نووسەری دەقەکە.

تەنانەت لە وەسفی ڕواڵەت و ڕوخساری خۆیدا، هەتا ڕادەیەکی زۆر هاوشێوە، وێنەیەکی بۆ خۆی لەناو دەقەکەدا لە زاری کارەکتەری گۆشەنیگای گێڕانەوەوە کێشاوە.

ئەم هەڵوێستە زیانێکی گەورەی بە ئاستی هونەریی دەقەکە گەیاندووە، و وا لە خوێنەر دەکات ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی نووسەر ببێتەوە، لە کاتێکدا ئەم دەقە ژیاننامە نییە، بەڵکو لە ژێر ناوی ڕۆماندا چاپ و بڵاوکراوەتەوە. ئەم حزوورە ئاشکرایەی ڕۆماننووس تەواو پێچەوانەی بنەماکانی کارەکتەرسازییە لە ڕۆمانی نوێ و هاوچەرخدا، چونکە ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ کارەکتەر کەسێکی خەیاڵییە و ڕۆماننووس بۆ گەمەی گێڕانەوە بەکاری دەهێنێ نەک بۆ ناساندنی کەسایەتیی خۆی. لەم بارەیەوە لە پەرتووکی (هونەری ڕۆمان)دا

هاتووە: ((کارەکتەر لاساییکردنەوەی بوونەوەرێکی زیندوو نییە، بەڵکو بوونەوەرێکی خەیاڵییە، خودێکی ئەزموونییە، بەم شێوەیەش ڕۆمان بەردەوامیەتیی خۆی لەگەڵ سەرەتاکانیدا دووبارە دەکاتەوە. لەڕووی کارەکییەوە ناکرێ وەک بوونەوەرێکی زیندوو بیر لە کەسێتی دون کیشۆت بکرێتەوە...)) (کوندیرا، ١٩٩٩، ٣٨) نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو لە هەموو دەقێکدا کە ناوی ڕۆمانی هەڵگرتبێ کارەکتەرەکان کۆمەڵە بوونەوەرێکی وێناکراون و نووسەر لە وشە دروستیان دەکات و لە دەرەوەی ڕۆمان هاوشێوەیان دەست ناکەوێ، ئەم بۆچوونەمان ئەو کارەکتەرانەش دەگرێتەوە کە هەڵگری ناوی کەسایەتییە مێژووییەکانن، چونکە ئەوەی لە وێنە و باسی ئەوان لە ڕۆماندا دەبێ پێشکەش بکرێ لە هێچ لاپەڕەیەکی مێژوو، و لە هیچ بەڵگەنامەیەکدا نابێ دەست بکەوێ، ئەگینا ئەو دەقە سیفەتی ڕۆمان لە دەس دەدا و دەبێتە بەشێک لە مێژوو.

- ئەوەی ڕۆمان دەنووسێ نابێ ئەوە لە بیر بکات هەرگیز نووسەر یەکێک نییە لەو توخمانەی گێڕانەوە کە ناوی لێنراوە (کارەکتەر). ئەم بۆچوونە تاڕادەیەکی زۆر بووەتە یەکێک لە ڕێسا گرنگەکانی کارەکتەرسازی. بارت و ڕابەرانی ڕۆمانی نوێ وەک (ئالان ڕۆب گرییە، ناتالی سارووت، میشال بۆتوور...) و گەورە ڕەخنەگرەکانی سەر بە میتۆدی بنیاتگەری، لەوانەش تۆدۆرۆف، بە تایبەتی لە پەرتووکی (شیعرییەت)دا و تەنانەت گەورە ڕەخنەگری بواری ڕەخنەی بنیاتگەری کۆمەڵایەتی (لوسیان گۆڵدمان)یش پشتگیرییان لەو جیاوازییە کردووە، پاشان لە ڕەخنەی ئەکادیمیشدا بووەتە خاڵێکی یەکلاکراوە.

- بۆ نموونە (حەسەن بەحراوی) لە پەرتووکی: (بنیاتی شێوەی ڕۆمان)دا کە توێژینەوەیەکی ئەکادیمییە دەڵێت: ((ئەوە پێویستی بە بەڵگە نییە کە

کارەکتەری ڕۆمان خودی نووسەری ڕاستەقینە نییە، ئەویش لەبەر هۆیەکی سادەیە کە کارەکتەر تەنیا خەیاڵێکە و نووسەر بۆ مەبەستێکی هونەریی دیارکراو دایدەهێنێ. خوێندنەوەیەکی ساویلکانە لێکدانەوەیەکی لەو جۆرە هەڵەیە بەرهەم دەهێنێ کاتێ کارەکتەرە وێناکراوەکان تێکەڵ بە کەسە زیندووەکان، یان هاوشێوەیی لە نێوانیاندا دەکات. بەم جۆرە وەک تۆدۆرۆڤ دەڵێت نابێت لە بیرمان بچێت دۆزی کارەکتەر پێش هەموو شتێک، دۆزێکی زمانییە)) (بحراوي، ١٩٩٠، ٢١٣).

- یەکێک لە پایە گرنگەکانی تەلاری هونەریی گێڕانەوە چۆنیەتی پێشکەشکردن و ناساندنی کارەکتەرە. هەندێ ڕۆماننووسی وەک بەلزاک ((چەمکی کارەکتەر ـ نموونەی گەیاندە لووتکە کە تایبەتمەندییەکانی چینێکی کۆمەڵایەتی، یان پیشەیی، یاخود حەزێکی ڕاماڵیوی لە خۆیدا پوخت دەکردەوە. ئەو کاتە هەموو توخمەکانی گێڕانەوە تەرخان دەکران بۆ ڕوونکردنەوەی ڕواڵەتەکانی کارەکتەر و زۆرترین توانای دەرکەوتنی پێدەدرا بە مەبەستی حزووری لە هەموو هەڵوێستەکاندا)) (بورنوف وأوئيلية، ١٩٩١، ١٧٦-١٧٧). بە گوێرەی پۆلێنکردنێکی (میشال زێراڤا) کارەکتەری دابەشکردووە بۆ دوو جۆر:

١ـ کارەکتەری ئاڵۆز

٢ـ کارەکتەری سادە

لە بارەی ئەم دوو جۆرەوە دەڵێ:

((کارەکتەری ئاڵۆز (یان قووڵ) ئەوەیە جیهانێکی گشتگیر و ئاڵۆز پێکدەهێنێ و تێیدا چیرۆکەکە گەشە دەکات و زۆرجار خاوەنی کۆمەڵێ ڕواڵەتی ناکۆکە، کەچی کارەکتەرە سادەکان خاوەنی هەندێ سیمای جێگیر و دیاریکراون، و ئەمەش ڕێگر نییە لەبەردەم ئەوەی هەندێ جار ڕۆڵێکی

یەکلاکەرەوە بگێڕن)) (بحراوي، ١٩٩٠، ٢١٦). ئەگەر لەم دوو ڕوانگەوە تەماشا بکەین دەبینین کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانی (خۆڵەمێشی تەرمی کتێبێک) نە بە تەواوی نوێنەری چینێکی کۆمەڵایەتین نەش هێندە بنیاتیان ئاڵۆزە کە ڕواڵەتێکی ناکۆکیان هەبێ. هەموویان خاوەنی سیمایەکی جێگیرن و هیچ گۆڕانێکی گرنگ لە کەسایەتیی ئەواندا ڕوونادات. لە سەرەتاوە پێش ئەوەی بێنە ناو ڕووداوەکانەوە، ڕۆماننووس وێنەی سیما و ڕواڵەتی ئەوانی کێشاوە و تەنانەت جۆری بەهرە و پیشەی ئەوانی دیاریکردووە، ئەمەش وایکردووە نەتوانێ گۆڕانیان بەسەردا بهێنێ و تاکۆتایی وەک خۆیان دەمێننەوە. فەیسەڵ هەمەوەندی و حەمەسەعید چیرۆکنووسن، شوان مەندی شاعیرە و ئەفسەری پۆلیسە، دانا نووسەر و وەرگێڕە، کارەکتەری گۆشەنیگای گێڕانەوە بازرگانە... هتد.

**تەوەری دووەم:**

**دیالۆگ و ناسنامەی زمانیی کارەکتەرەکان:**

زمان کە بناخەی دامەزراندنی دەقە، بەتایبەتی لە دەقی ئەدەبیدا، کەچی لەم دەقەدا شێوانێکی گەورەی تێداکراوە، و خوێنەر ناتوانێ لەڕێی گفتوگۆی کارەکتەرەکانەوە شێوازی بیرکردنەوەی ئەوان بناسێتەوە، چونکە ((مەهانەی بوونی گفتوگۆی ڕاستەوخۆ وەک جۆن برین لە پەرتووکی (نووسینی ڕۆمان)دا دەڵێ بەدیهێنانی ئەرکێکە کە ئەویش ئەوەیە کارەکتەرەکانمان پیشان بدات و ئەوانیش لەڕێی خۆیانەوە ڕووداومان لە چوارچێوەی فەزای شوێنکاتدا پیشان بدەن، ئەوەش ئەرکێکی سەرەکییە و چەندین لقی دیکەی لێ دەبێتەوە بۆ خزمەتی ڕووداو، و کارکردن بۆ هەڵکشانی ململانێ درامییەکە. کەواتە کارەکتەر بە خۆی ئەو توخمانە پێکەوە دروست دەکات، و بەبێ ئەو لە بنەڕەتدا

گفتوگۆی نۆرەیی ڕاستەوخۆ نایەتە ئاراوە)) (عبدالسلام، ١٩٩٩، ٤٣)، کەچی سەرجەم کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە ناسنامەی زمانییان شێوێندراوە و زۆربەی گفتوگۆیەکانیان ڕۆڵی لە گەشەکردنی ململانێی درامیی ڕووداوەکاندا نییە و ناتوانن ناسنامەی زمانیی کارەکتەرەکانمان بۆ ئاشکرا بکەن. نووسەرێکی تایوانی و باوکی ئەو نووسەرە بە زار و زمانێکی کوردیی تێکەڵ لە کەرکووکی و هەولێری و سلێمانی و دهۆکی ئاخاوتن دەکەن. ژنێکی لادێیی دەوروبەری شاری کەرکوک زمانەکەی تێکەڵە لە سۆرانی و بادینی و خوێنەر نازانێ چۆن ئەو ژنە فێری ئەم کوردییە دروستکراوە هەجینە بووە، لەکاتێکدا نەک تەنیا ئەو ژنە، بەڵکو زۆربەی کارەکتەرە سەرەکی و لاوەکییەکان خەڵکی کەرکووکن یان ساڵانێکی دوورو درێژیان لەو شارەدا بەسەر بردووە وەک (براییم چایچی) کە لە بنەڕەتدا خەڵکی باکووری کوردستانە و زۆر دەمێکە ئاوارەی شاری کەرکووک بووە.

زمان لە ڕۆماندا، پەیوەندی بە ئاستی دەربڕین و هۆشیاریی کارەکتەرەوە هەیە، بۆیە زۆر گرنگە ڕۆماننووس ڕێ بدات ئەوان بەگوێرەی ئەو ئاستانە بدوێن و بیر بکەنەوە، نەک ڕۆماننووس بە زۆردارەکی زمانێک بە سەر ئەواندا بسەپێنێ کە لەوانەیە هەرگیز دەرفەت بۆ هەندێکیان نەڕەخسابێ فێری ئەو زمانە ببن، بە تایبەتی ئەگەر خەڵکی کوردستان نەبن و بەهەزاران کیلۆمەتر لەم وڵاتەوە دوور بن وەک نووسەر و باوکی ئەو نووسەرە تایوانییە کە بە زمانی ئینگلیزی پەرتووکێکی لەسەر کورد لەژێر ناوی (گەلێکی پەنجا ملیۆنیی بێ دەوڵەت) نووسیوە کە هەرگیز چاوی بە کوردستان نەکەوتووە.

زمان ((لە ئاخاوتندا، گوزارشت لە ئاستی جیاوازی هۆشیاریی قسەکەران دەکات. ئەمەش پەیوەندی بە پێکهاتەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کاریگەریی ژینگە و چین و تەمەنەوە هەیە. زمان کۆمەڵە گوتراوێکە جووڵەی

ئاگایی لە کەللەی مرۆڤدا وێنە دەگرێ، ئەمەش بەگوێرەی جمکانەکەی (دی سۆسێر) دەبێتە ئاخاوتنێ کە خەسڵەتی تاکانەی قسەکەر و پەیوەندی بە فاکتەری ڕۆشنبیری و ژینگە و تەمەن و پەروەردە و ئەزموونەوە پیشان دەدات)) (عبدالسلام، ١٩٩٩، ١٩١).

دەبێ دیالۆگی کارەکتەرەکان ڕۆڵیان هەبێ لە پەرەسەندنی ڕووداودا و لە هەمان کاتدا ڕۆماننووس دەرفەت بدات کارەکتەرەکان ئازادانە گوزارشت لە هزر و ئایدیای خۆیان بکەن، بەم شێوازەش جیاوازیی بیرکردنەوەی ئەوان ئاشکرا دەبێ. ئەگەر لەم ڕوانگەوە تەماشای دیالۆگی کارەکتەرەکانی (خۆڵەمێشی تەرمی کتێبێک) بکەین دەبینین جیاوازییەکی ئەوەندە گرنگ لە ڕووی هزری و ئیدیۆلۆگییەوە لە نێوان کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانەدا تۆمار نەکراوە و هەندێ دیالۆگیش تەنیا هەندێ هەواڵی سەفەر و گەڕانەوە و مردنی چەند کارەکتەرێکی لەخۆ گرتووە وەک سەفەرەکانی کارەکتەری گۆشەنیگای گێڕانەوە بۆ وڵاتی چین و تایوان. لە یەکێک لەو سەفەرانەشدا، بە ڕێکەوت ئەو کارەکتەرە پەرتووکی (گەلێکی پەنجا ملیۆنیی بێ دەوڵەت) لە پەرتووکخانەیەکی شاری (تایبیە)ی پایتەختی تایوان دەدۆزێتەوە. نووسەری ئەم ڕۆمانە، کە لە هەمان کاتیشدا کارەکتەرێکی ئەم ڕۆمانەیە بێ ئەوەی ئەو پەرتووکە ناوبراوە بخوێنێتەوە تەواوی ڕووداوەکانی شازدەی ئۆکتۆبەری (٢٠١٧)ی داوەتە پاڵ ئەو فاکتەرانەی دەکرێ لەو پەرتووکەدا کرابنە هۆکار بۆ ئەوەی کە بۆچی کورد تائێستا بە خاوەنی وڵاتێکی سەربەخۆ نەبووە. واتە دەکرێ بڵێین نووسەری ئەم ڕۆمانە ئەو ڕووداوەی کە بووە هۆی لەدەستدانی کاتیی شاری کەرکووک و چەندین ناوچەی دیکەی باشووری کوردستان بۆ خیانەتی ناوخۆ و دووبەرەکیی کوردان دەگێڕێتەوە کە لەدوا دێڕەکانی ڕۆمانەکەدا، بە بزربوونی کتێبی کەرکووک، ئاماژەی بۆ کردووە.

بە درێژایی ئەم ڕۆمانە تەنیا لە هەندێ شوێندا نەبێ کە ئیدیۆلۆگیای تاک لایانەی نووسەر بە ئاشکرا گوزارشتی لێکراوە، و لەوێدا نووسەر بە توندی هێرش دەکاتە سەر گەندەڵی و کاسەلێسی و بێ هەڵوێستیی ئەو نووسەرانەی تا پێش شازدەی ئۆکتۆبەر خۆیان بە دەمڕاستی هەردوو حیزبە سەرەکییەکە دەزانی و پاش ئەو ڕووداوەش بەخەم ساردییەوە دەیانگوت مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، جگە لەوەندە هیچ جۆرە هەڵوێستێکی دیکەیان نەنواندووە. ئەگینا لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە تا دوا دانیشتنی کارەکتەرە سەرەکییەکان لە باخەکەی (کاک سەروەر) هیچ جۆرە گفتوگۆیەکی سیاسیی گەرم لەنێوان ئەواندا دروست نەبووە و لەسەر جیاوازیی هزری سیاسی دڵیان لەیەک گەردی نەگرتووە، لە کاتێکدا زۆر پێویست بوو لە دیالۆگی ئەواندا ئەم باسانە بە فراوانی جێی بۆ بکرابایەوە، چونکە خودی ئەم ڕۆمانە لە ناوونیشانەکەیڕا تا کۆتایی، ڕۆمانێکی ئیدیۆلۆگییە. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ دەبوو بۆ دیاریکردنی هۆشیاری و جیهانبینیی ئەو کارەکتەرانە، چونکە بەبێ ((دەستنیشان کردنی گوتار و قسەکانی کارەکتەر ــ یش، ناکرێت هۆشیاری و جیهانی ئیدیۆلۆگی کارەکتەر تەنیا لە ڕێی چاودێری کردنی کردارەکانیانەوە ئاشکرا بکرێن... دەبێ ڕۆماننووس ڕێ بدات کارەکتەر ڕاستەوخۆ گوتاری خۆی پێشکەش بکات، و تەنیا چاودێریی کردار و جووڵەی ماتریالی، و دەروونیی ئەو نەکات)) (بوعزة، ٢٠١٦، ٣٨ -٣٩).

زۆربەی دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە پەیوەندی بە ژیانی ڕۆژانەی ئەوانەوە هەیە، بەڵکو بگرە هەندێکیان هیچ پەیوەندییەکی بە ئامانجی سەرەکیی ڕۆماننووسەکەوە نییە وەک باسکردنی چۆنیەتی چاندنی تووتن و شێوازەکانی ئامادەکردنی بۆ ئەوەی وەک سیگار بەکاربهێنرێ و تام و بۆنێکی خۆشی هەبێ. بۆ نموونە لە پاژی دووەم، لاپەڕە (٧٠)دا شوان مەندی بۆ کارەکتەری گۆشەنیگای گێڕانەوە بەم جۆرە باسی ئەو پرۆسەیە دەکات:

((پشتی چاندن و شتڵ کردن و پێگەیشتن و.. لێکردنەوەی پەلک و گەڵای توتنەکە.. بە دوو جۆری هێشک دەکەنەوە.

کوتم:

چتۆ! ئەو کوتی:

بە شیش و بە داو. کوتمەی:

ئەوی تۆ لە کێهانە؟ وەڵامی دامەوە

ئەوی من بەداو و ئینجا ئاوێتە بە پونگە.

کوتم:

یانی چتۆیی ؟ ئاخاوت:

هەر نواڵەیەکی چەپکێ پونگی تێدەکرێت! تا تامو بۆی خۆش بێت! ئەوەشی بزانە! ئەوی من تایبەتەو.. بە ئاوی شیرینی بێ نمەک ! پاراو و زاخە دەکرێ!...)).

تەنیا دیالۆگێ کە زانیاری دەربارەی باوک و نووسەری پەرتووکی (گەلێکی پەنجا ملیۆنیی بێ دەوڵەت) دەخاتە بەردەم خوێنەر و تاڕادەیەکی بەرچاو و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ناوونیشانی ڕۆمانەکە و بە ئێستا و دوا ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەوە هەیە، لە پاژی چوارەم، لاپەڕە (١٤٣ـ ١٤٤) خراوەتە ڕوو. لەم دیالۆگەدا نووسەری ئەو پەرتووکە لەماڵەکەی خۆیدا بەم شێوەیە لەگەڵ کارەکتەری گۆشەنیگا باسی کوردستان و چۆنیەتی نووسینی ئەو پەرتووکە دەکات:

((تۆ زەردی یا سەوز؟

نا! من هەر کوردم.. تا نووکە ڕەنگاوی نەبووم.

ئەم وشەی (کوردستان)ە و، ئەو بەسەرهات و ماڵوێرانی و، ئەنفال و، کیمیا بارانەی.. باوکم بۆی باس کردم! هەر لە گەڵمدا هات و.. تا خوێندنم تەواوکرد

و، ماستەرم هێناو پاشتر.. تێزی دوکتۆراکەشم هەر لە سەر کوردان بوو، ئیدی ئەوە بوو.. پێرار ئەو کتێبەم بەو نێونیشان و، ئەو تایتڵەی وا خۆت دبێژی سەرنجی ڕاکێشام! نووسی...

لەوەشە بپرسیت چۆن بوو، وا بە ئینگلیزیت نووسی؟

من تێزی ماستەر و دوکتۆراکەم بە زمانی چینییە، بۆیە ئەم کتێبەم بە زمانی ئینگلیزی نووسی، دا خەڵکانێ زۆرتر وەیخوێنن)).

بە هێزترین دیالۆگی کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ناوونیشان و کۆتایی ڕۆمانەکەوە هەیە ئەوەیە کە لە پاژی چوارەم لە لاپەڕە (١٦١ ــ ١٦٢) لە نێوان برایم چایچی و دانا عەسکەردا بووە و دوایی دانا بۆ کارەکتەری گۆشەنیگای گێڕاوەتەوە و ئەوە دەردەخات کە بنیاتی هونەریی ئەم کارەکتەرە لاوەکییە لە بنیاتی هونەریی زۆربەی کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم دەقە سەرکەوتووتر بووە.

بەگوێرەی ئەو بۆچوونانەی لە پاژی یەکەم، لاپەڕە (١٠، ١١) سەبارەت بەو کارەکتەرە گوتراوە کە لە باکووری کوردستانەوە هاتووە و نیشتەجێی شاری کەرکووک بووە، گوایە برایم کچی یان ژنی ئاغایەکی هەڵگرتووە، یان کەسێکی کوشتووە، لێ ئەگەرچی کارەکتەری گۆشەنیگا ئەو بۆچوونە ڕەت دەکاتەوە و لە لاپەڕە (١١)ی هەمان پاژدا داکۆکی لێ دەکات و دەڵێ: ((لێ ئەوە زۆر دوور و لاوازە و.. قاویش نەبوو.. چون برایم مەردمێ سەنگین و لێ بوورده و، دڵاوا و دەهەندە بوو لە بکوژان نەدەچوو. دەگەڵ ئەمانەشدا ! ئەگەرێ فرە نزیک بوو.. ئەم کاسەیە بێ ژێر کاسە نەبێت و، ڕووداوەیلێ لە پشتەوەی بن ! لێ داخێ دەمێ بە نەپەنی و.. گرێ کوێرەیی مابێتەوە)). لەگەڵ ئەمەشدا ڕازی ڕاستەقینەی برایم تا پاش بڵاوبوونەوەی هەواڵی کشانەوەی هێزی پێشمەرگە و داگیرکردنی شار لە لایەن هێزەکانی حەشدی میللی و

سوپای عێراقەوە کە بە کارەساتی شازدەی ئۆکتۆبەر ناسراوە، ئیتر لەو کات و ساتەدا ناخی براییم دەتەقێتەوە و بەدەم گریانەوە لە پاژی چوارەم، لاپەڕە (١٦١ - ١٦٢) ئەو ڕازە بۆ دانا عەسکەر ئاشکرا دەکات و دەڵێ : ((ئاخر چۆن تاڵاو و زووخاو .. نەڕێژم و، هەڵنەقرچێم! ئەو ڕازە شاراوەیەی ئەم هەموو ساڵە ! لای تۆ پەنیی و دەدرکێنم. هەر ئەم پرسەیە! ساڵانێکی دوورو درێژە.. منی لە کەسوکارم دابڕیوە و.. ئازیزترین کەسی ژیانم، کە دایکم بوو، بە حەسرەتی بینینەوەی من چاوانی لێکنان)).

کەواتە لەم دیالۆگەدا کە لەژێر کاریگەریی نەخوازراوی ڕووداوەکاندا دروست بووە، زەمینەساز بووە بۆ ئەوەی هۆکاری ڕاستەقینەی پشت هاتنی ئەو کارەکتەرە بۆشاری کەرکووک بۆ خوێنەر ئاشکرابێ، کەچی دیالۆگی تەواوی کارەکتەرەکانی دی وەک فەیسەڵ و شوان و حەمەسەعید و نزار و زایر و شوکرو... ڕازێکی ئەوتۆمان بۆ ئاشکرا ناکەن.

**تەوەری سێیەم:**

**دەقئاوێزان و بنیاتی واتا لە دەقی ڕۆمانەکەدا:**

نووسەری ئەم ڕۆمانە لە هەڵبژاردنی کارەکتەرەکاندا سەرکەوتووانە هەنگاوی ناوە. هەندێکیان کەسانێکی ڕۆشنبیر و نووسەر و ڕۆژنامەوان و چیرۆکنووس و وەرگێڕ و خاوەنی پەرتووکخانە و ناوەندی ڕۆشنبیرین لەوانەش ئاسۆ جەبار و تاریق کارێزی. هەندێکیشیان بازرگان و شۆفێر و چایچی و ژنی ماڵن. تاڕادەیەکی زۆریش ئەم باڵانسەی ڕاگرتووە و ئەرک و لێدوانێکی ئەوتۆی نەداوەتە پاڵ کارەکتەرە لاوەکییەکان کە لەگەڵ ئاستی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوەی ئەواندا نەگونجێ. لە هەمان کاتدا بەسوود وەرگرتن لە هونەری دەقئاوێزان هەوڵیداوە ئەوە بسەلمێنێ کە کارەکتەرە ڕۆشنبیرەکان خاوەنی

ئەزموون و ئاشنای دونیای ئەدەب و هونەر و فەلسەفە و مێژوون. خەوشی سەرەکی لەم پرۆسەیەدا ئەوەیە نووسەر دەقە وەرگیراوەکان وەک خۆیان و بێ گۆڕانکاری لە واتادا بەکار دەهێنێتەوە. واتە زۆربەی دەقە وەرگیراوەکان لە شێوەی دووبارە بوونەوەدا بە خوێنەر دراوەتەوە. لە کاتێکدا دەبێ نووسەر لەدەقئاوێزاندا هەوڵ بۆ بەرهەمهێنانەوەی واتای جیاواز و فراوانکراو و تەنانەت پێچەوانە بدات نەک هەمان واتا بجوێتەوە کە پێشتر بەو دەقانە دراون، چونکە پرۆسەی دەقئاوێزان ((وەک ئێستا لە ئەدەبیاتی ڕەخنەی هاوچەرخدا ناسراوە ئاماژە بۆ سروشتی ئەو پەیوەندییە دەکات کە دەقێک بە دەقێکی ترەوە دەبەستێ، هەروەهاـ ئاماژە ـ بۆ جۆری ئەو کارلێکەرییانە دەکات کە بە ئاگاییەوە یان بەبێ ئاگایی لەنێوان دەقەکاندا هەیە، هیچ دەقێکیش نییە کار لە دەقەکانی تر نەکات یاخود پێیان کاریگەر نەبێت. لەناو دیالێکتیکی ئەم پەیوەندییە گۆڕاوانەدا، دەق لەگەڵ دەقی تردا کارلێک و زاوزێ دەکات تا دەبێتە قەوارەیەکی خود بەرپا)) (بوعزة، ٢٠١٦، ٧١).

بەگشتی دەکرێ دەقئاوێزان بکرێ بە چەند جۆرێکەوە لەوانەش ((دەقئاوێزانی گشتی کە تێیدا پەیوەندی لە نێوان دەقی نووسەر لەگەڵ دەقەکانی تردا دروست دەبێ و دەقئاوێزانی کۆتکراو کە تێیدا پەیوەندی لە نێوان دەقەکانی خودی نووسەردا دەردەکەوێ، هەروەها دەقئاوێزانی ڕەوانبێژی (بلاغي) هەیە کە لە دوو جۆرەکەی دی جیاوازە...)) (فریجات، ٢٠٠٩، ٨٩-٩٠). لەم ڕۆمانەی (حەمە سەعید زەنگنە)دا زیاتر دەقئاوێزانی گشتی بەکارهاتووە و لە گەلێ شوێندا لەڕێی ئاخاوتنی کارەکتەرەکانەوە ئەم جۆرە دەقئاوێزانە لەگەڵ وتەی شاعیران و هونەرمەندان و مۆسیقاکاران و پەند و حیکمەتی گەلاندا دروست بووە، وەلێ وەک گوتمان زۆربەیان بە هەمان واتا بەرهەم هاتوونەتەوە. بۆنموونە:

دانا عەسکەر بۆ باسی جوانیی ژن وتەیەکی (جۆرج برناردشۆ) بەکار دەهێنێ: ((ژنی ناشیرین لە جیهاندا بوونی نییە، تنێ ئەوە هەیە! بڕێک لە ژنان ناکارن، جوانیی خۆیان شان بدەن)) (پاژی دووەم، ٩٤).

یاخود حەمە سەعید زەنگنە لە بارەی هەمان بابەتەوە وتەیەکی حەکیم و فەیلەسووفی چینی کۆنفۆشیۆس بەکار دەهێنێ: ((ئافرەت جوانترین بوونەوەرە لە ژیاندا)) (پاژی دووەم، ٩٥).

شوان مەندی بۆ باسی ڕێز لێنان لە ژن وتەیەکی (بیکۆ) بەکار دەهێنێ: ((ڕێزگرتنی ژن ! بەڵگەیە بۆ ژیریی پیاو)) (پاژی دووەم، ٩٨).

**تەوەری چوارەم:**

**بنیاتی وەسف لە ڕۆمانەکەدا:**

بەگشتی وەسف دوو ئەرکی سەرەکی پێدراوە کەئەمانەن:

١ـ ڕازانەوە: لەم دۆخەدا وەسف ئەرکی ڕازانەوە دەگێڕێ و جۆرێکە لە پشوودان لە ناوەڕاستی ڕووداوەکاندا. لێرەدا وەسفەکە سەبارەت بە واتای گێڕراوەکە گرنگ نییە و تەنیا وەسفێکی پەتییە.

٢ـ ڕوونکرنەوە یان ڕاڤەکردن: لێرەدا وەسفەکە ئەرکێکی هێمایی لە چوارچێوەی گێڕانەوەکەدا دەگێڕێ کە دەلالەت لە مانایەکی دیارکراو دەکات)) (لحمداني، د.س، ٧٩).

هیچ ڕۆمانێک دەست ناکەوێ کە وەسفی تێدا نەبێ. هەروەها زۆر جار بە گوێرەی جووڵە و وەستان، وەسف دابەش کراوە بە سەر وەسفی جووڵاو و وەسفی وەستاودا. لە وەسفی جووڵاودا وەسف و گێڕانەوە ئاوێتەی یەک دەبن و لە وەسفی وەستاودا گێڕانەوە ڕادەگیرێ تا ئەوکاتەی بڕگە وەسفییەکە تەواو دەبێ. دەکرێ بڵێین وەسف پەیوەندی بە دۆخی کۆمەڵایەتی و باری دەروونی

و چێژی کارەکتەر و هەروەها ڕوانگەی نووسەریشەوە هەیە. بەلزاک لەڕێی وەسفی شتە ماتریالییەکانەوە هەوڵیداوە دۆخی کۆمەڵایەتیی کارەکتەری سەرەکی ئاشکرا بکات، ئەمیل زۆلا بە وەسفی شتەکان ڕوانگەی بابەتیی خۆی نواندووە، فلۆپێر کاری کردووە بۆ پیشاندانی چێژی تایبەتیی کارەکتەر، پرۆست وەسفی شتەکانی کردووەتە پاڵنەرێ بۆ بیرهێنانەوەی ڕابردوو، لای سارتەر شتەکان مایەی بێز لێبوونەوەن، لەلای ئالان ڕۆب گرێیە شتەکان کۆمەڵێ قەوارەی ناڕوون و شەیتانین و لە بوونی مرۆیی سەربەخۆن (باموك، ٢٠١٥، ٩٢).

ئێمە لەم توێژینەوەیەدا باسی وەسف تەرخان دەکەین بۆ دوو توخمی گێڕانەوە کە ئەمانەن:

أ – وەسفی کارەکتەر:

لەم دەقەدا ڕووبەرێکی باش بۆ وەسف تەرخانکراوە. ڕۆماننووس تەوژمی گێڕانەوەکە ڕادەگرێ تا لە بڕگە وەسفییەکان دەبێتەوە. بەمەش پشوویەک بە خوێنەر دەدا و هەروەها لە پاش ئەو وەسفانە ڕێ خۆش دەکات بۆ دەستپێکردنەوەی ڕووداو لەشوێن و زەمەنی جیاوازدا. بە هۆی ئەمەشەوە وەسف لەم ڕۆمانەدا کاری بۆ ڕێکخستنی ڕیتمی گێڕانەوە کردووە. جووڵە و تۆنی گێڕانەوەکە ڕادەگرێ، بەڵام ئاوێتەی گێڕانەوەکە نابێ. بۆ نموونە لە وەسفی زایر شوکر لە پاژی دووەم، لاپەڕە (٨٢)دا نووسەر دەڵێ:

((زایر پیاوێکی خۆشمەشرەب و.. زوان شیرین و زار وەخەندە بوو، بڕێک جار ئەوی دەیگوت، لە قووتووی هیچ عەتارێکدا بوونی نەبوو.. دەهونەری دووان و ئاخاوتندا وەستابوو.. کەم کەس دەرووەستی دەمی دەهات و گرەوی لێدەبردەوە! بەردەوام بە گلە و گازندەبوو، وەلێ هەندێ جاریش مەردم ئەوی دروستە! بێژێ ماف بەوی بوو)).

هەروەها نووسەر لە وەسفی شوان مەندی شاعیر لە پاژی دووەم، لاپەڕە (٦٧) دا دەڵێ:

((مەندی هەر بە جلێکی فەرمیی.. ئەفسەرییەوە دابەزی بوو، ئاخر ئەوی ئەفسەری پۆلیس بوو، لەکارەکەیەوە هاتبوو.. شەکەتی و جەخار بە ڕوخسارییەوە، هێمای بێتووکی و بێ وازیی بوون ! ئەوی شاعیر بوو، بەژن و باڵایەکی بڵیند و تەکووزی هەبوون، زۆری خۆی پێوە بادەدان و.. فرەی پێوە دەنازین.. هۆزانی! بەمتایەکی کەڤن و کلاسیک دەنووسی، قیچۆکەیەکیش سەری بۆ فەلسەفەی دەخورا)). ئەم دوو نموونەیە دەچنە خانەی وەسفی ڕاڤەییەوە، واتە تەنیا ئەرکی ڕازانەوە ناگێڕن، بەڵکو وەک (ژیرار ژنێت) ئاماژەی پێداوە ئەم جۆرە وەسفە خزمەتی چیرۆکەکە دەکا و دەبێتە توخمێکی گرنگ لە گێڕانەوەدا (بحراوي، ١٩٩٠، ١٧٦). لەو دوو وەسفەی سەرەوەدا چەند لایەنێکی کەسایەتی دەروونی و پیشەیی ئەو کارەکتەرانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بەڵام وێنەکەیان تەنیا وەک وێنەیەکی چوارچێوەداری وەستاو دەمێنێتەوە و دواتر لە ژێر کاریگەریی ڕووداوەکاندا هیچ گۆڕانێک بەسەر ئەو وێنەیەدا نایەت، و ئەم دوو کارەکتەرە تا کۆتایی ڕۆمانەکە وەکو خۆیان دەمێننەوە.

یەکێک لە کێشەکانی گێڕانەوەی (خودی) ئەوەیە کە کارەکتەر ناتوانێ وەسفی خۆی بکات، بۆیە دەبێ ئەم ئەرکە بە کارەکتەری دیکە بسپێردرێ. لەبەر ئەوەی نووسەری ئەم ڕۆمانە کە بەناو و نازناوی خۆی ڕۆڵی لە ڕۆمانەکەدا هەیە، بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە کرداری وەسفکردنی خۆی بە کارەکتەری گۆشەنیگا ڕاسپاردووە و بگێڕەوەش لە زاری ئەوەوە ئەو وەسفەمان پێشکەش دەکات، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ((بگێڕەوە لە هەموو پرۆسەیەکی بنیاتدا بە خۆی بکەرە... و بە گوێرەی ئەوەش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە بنەماکانی ئەم پرۆسەیەمان ئاشنا دەکات. ئەوە بگێڕەوەیە ئەو

پرنسیپانە بەرجەستە دەکات کە بڕیارە هەڵسێنگەرەکان لەوێوە دەرکەون، بەخۆی بیری کارەکتەرەکان دەشارێتەوە یان ئاشکرایان دەکات، بەمەش ڕێمان دەداتێ بەشداریی وێنا دەروونییەکانی بکەین، هەر ئەوە کە گوتاری ڕاستەوخۆ یان گوتاری گێڕانەوە و بەدوای یەکدا هاتنی زەمەن یان کودەتا زەمەنییەکان هەڵدەبژێرێ، لەبەرئەوە چیرۆک (گێڕانەوە بەگشتی) نییە کە بگێڕەوەی تێدا نەبێ)) (طودوروف، ١٩٩٠، ٥٦). ئەم بۆچوونەش ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەرگیز کارەکتەر ناتوانێ ڕۆڵی بگێڕەوە بگێڕێ، تەنانەت ئەگەر هاتوو ئەو کارەکتەرە ڕۆڵی شایەتحاڵ یان کارەکتەری سەرەکی یاخود ڕۆڵی کارەکتەری گۆشەنیگای گێڕانەوەی پێدرابێ و هەروەها ناکرێ نووسەر ڕۆڵی کارەکتەر لە ڕۆماندا لە ئەستۆ بگرێ، ئەگەرچی بگێڕەوەی دەقەکەش، بگێڕەوەیەکی خودی بێ و بە ڕاناوی (من) دەقەکە بگێڕێتەوە، چونکە لەم دۆخانەدا، بگێڕەوە لەباتی ئەوان ڕووداو و کارەکتەرەکانمان پێشکەش دەکات، لەم ڕۆمانەی حەمە سەعید زەنگنەدا کارەکتەری گۆشەنیگا کە وەک شایەت حاڵێک بەشداری لە ڕووداوەکاندا دەکات، بەم جۆرە لە پاژی یەکەم، لاپەڕە (٢٨) دا وەسفی ڕوخسار و بەژن و باڵایی ئەوی کردووە و دەڵێ: ((حەمە سەعید زەنگنە، زێتر چیرۆکی دەنووسی! مرۆیەکی گەنمرەنگی ڕیشنی هەڵسوکەوت گەنجانە! باڵای هەوایەکی وای لە دانا عەسکەر کەمتر نەبوو، لێ گۆشتنییەکەی وایکردبوو، لە دانا بەژن و تەشکی کورتتر دەربکەوێت! لە بوارێن ڕۆژنامەڤانی و.. مناڵان و زمانەوانیدا کەم وێنە بوو)). بێجگە لە کارەکتەری گۆشەنیگا (زایر شوکر)یش وەک کارەکتەرێکی بەشداربووی ڕووداوەکان لە هەمان پاژ و لاپەڕەدا بەم شێوەیە وەسفی توانای زمانی و شارەزایی ئەوی لە بواری وێژە و کلتووردا کردووە و دەڵێ: ((گەر لە وشێ گەڕان و .. نەتان دۆزییەوە! هەڕن لە بەرکی حەمە سەعید زەنگنە دەیبیننەوە)). ئەم وەسفە کاتی خۆی لە لایەن ڕەخنەگرانی

ئەدەبی عەرەبییەوە بۆ تواناکانی (سەلیم بەرەکات)ی ڕۆماننووسی بە ڕەچەڵەک کورد بەکار هاتووە.

ب ــ وەسفی شوێن:

لەم ڕۆمانەدا نووسەر هەوڵیداوە لە ڕێی وەسفی هەندێ شوێنەوە ئەو هەستە لای خوێنەر بخوڵقێنێ کە لەبەردەم وێنەکانی شوێنی واقیعیدا وەستاوە و ئەم ڕۆمانەی بەردەستی باسی ژیانی واقیعیی ناو شاری کەرکووک دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش ناوی ڕاستەقینەی شوێنەکانی کردووەتە ئامراز بۆ پێکانی ئەو ئامانجە. ئێمە لێرە وێنەی سێ شوێن دەکەینە نموونە و لێیان دەدوێین.

١ـ ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی دیالۆگ:

نووسەر لە پاژی دووەم، لاپەڕە (٦٦) دا دەڵێ: ((ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی دیالۆگ دەکەوێتە سەر ڕاستە شەقامی کۆماریی.. پێشترێ لە بەرایی دەیەی حەفتاکانی سەتەی بووری.. خانوویەکی بزورگ و گەورە بوو.. بارەگای حیزبێکی کوردی لێ بوو.. دواتر ڕووخێنرا و لە شوونی ساختمانێکی بڵیندی چەند نهۆمی لێ چێکرا. ناوەندی گۆرین لە نهۆمی شەشەمی هاتە دامەزراندن. جێگەیەکی پان و پۆڕ و فراوان و خەمڵیو و! چەندان هەزار کتێبی: کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی، ترکی، فارسی، تێدا بوون)). لەڕێی ئەم وەسفەوە دوو شتمان بۆ دەردەکەوێ، یەکەمیان مێژووی سیاسیی شوێنەکە، و دووەمیان ڕۆڵ و ئەرکی نوێی ئەو شوێنە کە بووەتە ناوەندێکی ڕۆشنبیری.

٢ـ کتێبخانەی کارێز:

نووسەر لە پاژی دووەم، لاپەڕە (١٠٢)دا سەبارەت بە وەسفی ئەم پەرتووکخانەیە دەڵێ:

((دەکەوتە گەڕەکی (حاروتخانە) کە پێشان سەربازگەیەکی گەورەبوو.. پان و بەرینی ڕژێمی بەعس بوو.. ئەستەم بوو چۆلەکەش لەو نێوانە نزیک بێتەوە.

لە سەر زەوییەکی دوو سەد مێتریی.. تەلارێکی دوو نهۆمی چێ کراوە، سەرەوەیماڵی (تاریق کارێزی)یە و .. خوارەوەی کتێبخانەیەکی گەورە و بزورگە، بەر لەوەی بچیە ژوورەوە.. تابلۆیەک لە پێش دەروازەی کتێبخانەکە پێتدەڵێ: (ڤێرە کتێبخانەی کارێز )ە )).

لەم وەسفەدا زانیارییەکی سادەمان سەبارەت بەم شوێنە دەست دەکەوێ کە ئەویش بە گشتی باسی شوێنەکەیە بێ ئەوەی لەڕووی ئەندازیارییەوە زانیارییەکی گرنگمان پێبدرێ. ئەم شوێنەش دوو ڕەهەندی هەیە. یەکەمیان پەیوەندی بەڕابردووی شوێنەوەکەوە هەیە کە سەربازگەیەکی گەورەی سەردەمی دەسەڵاتی بەعس بووە، و دووەمیان ڕۆڵ و ئەرکی ڕۆشنبیریی ئەم شوێنەیە کە بە هەوڵی تاریق کارێزێ و بە پارەی گیرفانی خۆی ئەو شوێنەی کردووەتە پەرتووکخانە و جێی کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران و بەستنی کۆڕی ئەدەبی و کلتووری و ...هتد. کەواتە ئەو دوو شوێنەی باسکران لە نێوان ڕابردوو، و ئێستادا گۆڕانی ڕیشەییان لەڕووی ڕۆڵ و ئەرکەوە بەسەردا هاتووە.

**٣ـ شاری تاییە:**

ڕۆماننووس لە پاژی یەکەم، لاپەڕە (٣٥ – ٣٦)دا بەم شێوەیە وەسفی شاری (تاییە)ی پایتەختی تایوان لە ڕوانگەی کارەکتەری گۆشەنیگاوە دەکات و تەواوی جیاوازیی نێوان ئەو شارە و سەرجەم شوێنەکانی ناو شاری کەرکوکمان پیشان دەدات و ناچارمان دەکات بکەوینە بەراوردکردن لە نێوانیاندا.

کارەکتەری گۆشەنیگا لەم ڕۆمانە کە لەهەمان کاتدا گوزارشت لە جیهانبینیی نووسەریش دەکات، چونکە ((ڕۆماننووس لە چاوی کارەکتەرەکانەوە جیهان دەبینێ و لە هەمان کاتیشدا بە وشە وەسفی شت (شوێن)ەکان دەکات... )) (باموک: ٢٠١٥، ص ٩٦). بەم جۆرە وێنەی شاری تاییە و سیحر و جوانییەکانی ئەو شارەمان پیشان دەدات:

((تایبیە پێتەختی وەڵاتەکە بوو، شارێکی پڕ ستاتیکی و شیرین و دڵگیرو دڵاوا.. بە دەو ڕازاوە، سیحر و ئەفسوونی لێدەڕژا.. خەڵکەکەی هێمن و لە سەرخۆ.. دانیشوانەکەی بە گوێرەی زەوی وەڵاتەکە.. فرە و گەرەمۆڵ و جەنجاڵ و جمەی دەهاتێ، لە دوورگەیەکی لاکێشەیی چێ بووبوو، نێوەڕاستی دوورگەکەش! لە چەند دوورگەیەکی چکۆلە هاتبوونە پێکهاتن. کەشو هەوای وەرزی بوو.. خولگەیی و نیمچە خولگەیی .. لێ سەرەڕای بارانی بەخوڕی زمستان! هاوینانیش لە وێندەرێ بارانی دادەکرد و، جۆرێ مەستی و ڕۆمانسییەتی بە کەشەکە دەبەخشی و مەردمی سەرمەست و حەیران دەکرد. لە هەندێ شوێنی گەشتیاریش! مژ و تەمێکی کاڵی نەرمی ناسک.. هێندەی دی دیمەنی بژوێن و، زەنوێر و سەوزەڵانی، وارەکەی دەخەملاند و، هێمنی و هەداریی لە هەمبێز دەگرت)). بەم جۆرە دەبینین چۆن ئەو کارەکتەرە جوانییەکانی ئەو شارەمان لە دیدی نووسەرەوە پێشکەش کردووین.

لە دوا بۆچوونمان لەسەر ئەم ڕۆمانە پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە هەرچەندە کێشەی هونەریی زۆری تێدایە و ڕۆماننووس دەبوایە بە سەریدا تێ نەپەڕێ کە یەکێ لەوانە چۆنیەتیی دۆزینەوەی ماڵی نووسەری پەرتووکی (گەلێکی پەنجا ملیۆنیی بێ دەوڵەت)ە و خوێنەر نازانێ چۆن کارەکتەری گۆشەنیگای گێڕانەوە بە بێ هاوکاریی هیچ کەس و لایەنێک لە شاری تایبیە کە ژمارەی دانیشتووانەکەی دوو ملیۆن و نیو دەبێ توانیویەتی ئەدرەسی تەواوی ماڵی ئەوانی دەست بکەوێ وەک لە پاژی چوارەم، لاپەڕە (١٣٠) ڕۆمانەکەدا جێگیر کراوە... هەروەها دابەشکردنی لاپەڕەکانی ئەم ڕۆمانە بە سەر چوار پاژی زۆر جیاوازدا بۆ نموونە پاژی یەکەم (٦٤)، و پاژی دووەم (٤٩)، و کەچی پاژی سێیەم تەنیا (٢) لاپەڕەیە و دەکرا تێکەڵی پاژی چوارەم بکرابایە بێ ئەوەی هیچ کێشەیەکی هونەریی دروست بکات. هەروەها پاژی چوارەم ( ٥٣) سێ لاپەڕەیە.

**ئەنجام:**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەدا گەیشتینە کۆمەڵێ ئەنجام کە ئەمانە گرنگترینیانن:

١ــ لەبەر ئەوەی کارەکتەرە سەرەکییەکانی ئەم ڕۆمانە، هەڵگری ناو، و نازناوی ڕاستەقینەی ژیانی واقیعیی خۆیانن، بۆیە لەڕووی بنیاتەوە بوونەتە کۆمەڵێ کارەکتەری سادە و بەهۆی ڕووداوەکانەوە گۆڕانیان بەسەردا نایەت و تاکۆتایی وەک خۆیان دەمێننەوە، وەک (شوان مەندی شاعیر و ئەفسەری پۆلیس، فەیسەڵ هەمەوەندیی چیرۆکنووس، دانا عەسکەری نووسەر و وەرگێڕ، و حەمە سەعید زەنگنەی چیرۆکنووس و ڕۆژنامەوان).

٢ــ نووسەری ئەم ڕۆمانە لەناو خودی دەقەکەدا دوو ڕۆڵ دەگێڕێ: کارەکتەر، نووسەری ناوەکی دەقەکە. بۆ ئەوەی دووەمیش دوو لە کارەکتەرە هاوڕێیەکانی ڕایدەسپێرن کە ئەم ڕۆمانە بنووسێت.

٣ــ ئەم دەقە لە ناوو نیشانرا تاکۆتایی، دەقێکی ئیدیۆلۆگییە و بۆچوونی نووسەر زاڵە بەسەر کۆی دەقەکەدا و ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵی هەبووە لەوەی بنیاتی هونەریی دەقەکە بە شێوەیەکی ڕێژەیی لاواز بێ.

٤ــ نووسەر دەرکی بەوە نەکردووە کە کارەکتەری وێناکراو لە مرۆڤی ڕاستەقینە جیاوازە و هەرگیز نابێ وەک یەک تەماشای ئەم دوو بوونەوەرە بکرێ. یەکەمیان بەرهەمێکی زمانییە و خەیاڵی نووسەر دایدەهێنێ و دووەمیان مرۆڤێکە و بوونێکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینەی هەیە. ئەم تێکەڵاوکردنە بووەتە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی ڕۆماننووس بتوانێت بنیاتێکی هونەری بە کارەکتەرە سەرەکییەکان بدات و ناکۆکی هزری و کێشە دەروونییەکانی ئەوان لە دەقەکەدا بەرجەستە بکات.

٥ــ نووسەر شێوازی ئاخاوتنی کارەکتەرەکانی شێواندووە و ڕێی نەداوە

بەگوێرەی شوێن و ناوچە و نیشتمان و ژینگەی خۆیان بدوێن و زمانێکی ئاوێتەی لە سۆرانی و بادینی و هەورامی و گەرمیانیی بەسەردا سەپاندوون و ئەمەش وایکردووە ناسنامەی زمانیی سەرجەم کارەکتەرەکان تووشی شێوان ببێ. کارەکتەرێکی تایوانی و یەکێکی عەرەب و ژنێکی لادێی دەوروبەری شاری کەرکووک و یەکێکی شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس وەک یەک زمان بەکاردەهێنن.

٦ــ لەم دەقەدا نووسەر دەقئاوێزانی لەگەڵ کۆمەڵێ پەند و قسەی نەستەق و گوتەی شاعیران و هونەرمەندان و حەکیم و کەسە ناسراوەکانی جیهاندا کردووە، بەڵام ڕێی نەداوە بەهۆی کارلێک لەنێوان دەقی یەکەم و دووەمەوە گۆڕانکاری واتایی دروست ببێ، یان لە ئەنجامی بەریەک کەوتنی نێوان دەقەکان پرۆسەی بەرهەمهێنانی واتای پێچەوانە، یان فرەوانکراو بێتە ئاراوە. واتە ئەو دەقانەی تەنیا لە سنووری جوینەوەدا ڕاگرتووە و تەنانەت نەبوونەتە هۆی لەدایکبوونی فرە شێوازی لە ئاستی زمانیی دەقەکەدا.

٧ــ لەم ڕۆمانەدا، لەڕێی وەسفەوە، بەتایبەتی وەسفی ڕوخسار و ڕواڵەتی کارەکتەرەکانەوە، وێنەیەکی وەستاو بەوان دراوە و ئەمەش بووەتە فاکتەرێ بۆ ئەوەی تەنیا لە یەک شێوەدا بمێننەوە و گۆڕانکاری لە هەڵوێست و ناکۆکی لە جیهانبینیی ئەواندا دەرنەکەوێ.

٨ــ نووسەری ئەم ڕۆمانە، لەڕێی ئاماژەکردن بەو پەرتووکەی کە کارەکتەری گۆشەنیگای گێڕانەوە لە گەشتێکی بۆ شاری (تایبیە)ی پایتەختی تایوان بەرێکەوت دەیدۆزێتەوە و نووسەرێکی خەڵکی ئەو وڵاتە بە زمانی ئینگلیزی و لەژێر ناوی (میللەتێکی پەنجا ملیۆنیی بێ دەوڵەت) نووسیویەتی، دەیەوێ پێمان بڵێ لەدەستدانی ئەم جارەی شاری کەرکووک، پاش ڕووداوەکانی (١٦)ی ئۆکتۆبەر، بۆ هەمان ئەو فاکتەرانە دەگەڕێتەوە کە ڕێگربوونە تا ئێستا کورد ببێتە خاوەنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

## لیستی سەرچاوەکان

أ/ پەرتووک بە زمانی کوردی:
ـ زەنگنە، حەمە سەعید (٢٠٢١)، خۆڵەمێشی تەرمی کتێبێک، ڕۆمان، بێ ناوی چاپخانە، چ١، کەرکووک.
ب/ پەرتووک بە زمانی عەرەبی:
ـ باموك، اورهان (٢٠١٥)، الروائي الساذج والحساس، ترجمة: ميادة خليل، منشورات دار الجمل، ط١، بغداد وبيروت.
ـ بحراوي، حسن (١٩٩٠)، بنية الشكل الروائي، المركز الثقافي العربي، ط١، بيروت.
ـ بورنوف، رولان وأوئيلية، ريال (١٩٩١)، عالم الرواية، ترجمة: نهاد التكرلي، دار الشؤون الثقافية العامة، ط١، بغداد.
ـ بوعزة، محمد (٢٠١٦)، حوارية الخطاب الروائي، دار الرؤية، ط١، القاهرة.
ـ طودوروف، تزفيطان (١٩٩٠)، الشعرية، ترجمة: شكري المبخوت ورجاء بن سلامة، دار توبقال للنشر، ط٢، الدار البيضاء ـ المغرب.
ـ عبدالسلام، فاتح (١٩٩٩)، الحوار القصصي، تقنياته وعلاقاته السردية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط١، بيروت.
ـ فريجات، عادل (٢٠٠٩)، الخطاب وتقنيات السرد في النص الروائي السوري المعاصر، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق.
ـ لحمداني، حميد (د.س)، بنية النص السردي من منظور النقد الادبي، المركز الثقافي العربي، بيروت.
ـ كونديرا، ميلان (١٩٩٩)، فن الرواية، ترجمة: احمد عمر شاهين، دار شرقيات للنشر والتوزيع، ط١، القاهرة.

**ملخص البحث:**

**فن السرد في رواية (رماد جثة كتاب).**

هذه الرواية هي المحاولة الاولى للكاتب القصصي (محمد سعيد زنكنة) في مجال التأليف الروائي والمنشورة في عام (٢٠٢١). يتناول فيها الكاتب الحياة الاجتماعية والسياسية والثقافية لمدينة كركوك... ويحاول من خلالها تقديم صورة واقعية للحياة في هذه المدينة. فالكتاب يطرح قضية كردية مدينة كركوك ويعالج العوامل السياسية التي حالت دون انضمامها الى الجغرافية السياسية الحالية لاقليم كردستان ــ العراق وخاصة بعد سنوات من سقوط النظام البعثي القمعي. وكذلك يربط ما بين تلك العوامل وعدم قيام دولة كردية مستقلة رغم التضحيات الجسام التي قدمها الشعب الكردي لنيل حقه في الاستقلال أسوة ببقية معظم شعوب العالم.

حاول الكاتب عن طريق استخدام أسماء شخصيات وأماكن حقيقية أن يوهم القاريء بواقعية نصه، فجاء بناؤه الفني ضعيفا نسبيا وتسلط ايديولوجيته على مجمل مفاصل الرواية هذه.

هذه الدراسة عبارة عن اربعة محاور، تتناول البناء الفني للشخصيات المتخيلة واختلافها عن الشخصيات الحقيقية ومنها شخصية الكاتب الذي يلعب في هذا النص دورين: شخصية سردية تحمل اسم ولقب المؤلف كما هو معروف به في الاوساط الادبية، وخاصة القصصية، ودور المؤلف الذي تناط به كتابة هذه الرواية من قبل بعض اصدقائه الحقيقيين والذين يلعبون معه داخل هذه الرواية دور شخصيات قصصية مماثلة له. وتناولت الدراسة بنية اللغة الحوارية للشخصيات المشاركة في النص السردي وعملية التناص والتفاعل بين هذه الرواية ونصوص أقوال لكتاب وفنانين وحكماء معروفين في الاوساط الادبية والفنية العالمية كجورج برناردشو وبيتهوفن وكونفوشيوس وغيرهم... وكان للوصف حصته في هذه الدراسة وتناول الباحث من خلاله الصورة الوصفية للشخصيات والأمكنة التي حدثت فيها وقائع هذه الرواية.

وفي الختام أشار الباحث إلى أهم النتائج التي توصل إليها البحث والمصادر الأساسية التي اعتمدها في كتابة هذه الدراسة.

الكلمات الدالة: (السرد، الشخصية، الحوار، التناص، الوصف).

# Abstract

## The Art of Narration in (Ashes of the Corpse of abook) novel.

This novel is the first attempt of the fiction writer (Muhammad saeed zangana) in the field of novel writing and published in the year (2021). in it, the writer deals with the social, political and cultural life of the city of kirkuk. and throug it, he tries to provide a realistic picture of lif in this city. The presents the kurdish issue in kirkuk and deals with plitical factors that prerented it from joining the current political geography of the kurdistan Region, especially after years of the repressive Baathist regime's fall. He also links between thes factors and the failure of establish an independent kurdish state, despite the the huge sacrifices made by the kurdish people to obtain their right to independence, like most of the world's peoples.

This study consists of four axes, dealing with artistic constrution of the imagined characters and their difference from the real ones, including the personality of the writer who plays in this text two roles: a narrative character bearing the name and heart of the author as is known in literary circles, especially fictional ones, and the role of the author who is entrusted with the task of writing. This novel is written by some of his real friends who play with him within this novel the role of similar story characters.

The study dealt with the structure of the dialogic language of the characters participating in the narrative text, the process of intertextuality and the interaction between this novel and texts of sayings by well_known writers, artists and sages in literary, artistic and international circles suchas George Bernard Shaw, Beethoven, Confucius and others... The description had its share in this study and the researcher dealt with the descriptive image of the characters and the possible places in which the facts of this novel occurred.

In conclusion, the researcher pointed out the most important findings of the research and the main sources that he relied on in writing this study.


Keywords: (narration, character, dialog, intertextuality, description).